# ڕەوشی کورد لە ئەرمینیا

## دیدارێك لەگەڵ پڕۆفیسۆرو زمانزانی ئەدەبی ئەرمەنی ( چەرکەس ڕەش )

**بەشی یەکەم**

ئەم بابەتە ئاخاوتن و لێدوانێکە لەگەڵ پڕۆفیسۆر و زمانزانی کورد ( چەرکەس ڕەش ) کە پڕۆفیسۆرو زمانزانە لە ئەدەبی ئەرمەنی، لە ناوەڕۆکی ئەم دیدارەدا چەند راستیەکی مێژوویی و سیاسی دەخاتە روو سەبارەت بە رەوشی کورد لە ئەرمینیاو هەقیقەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی کوردو چەواشەکردنی مێژوو وئەدەب و کەلتوری کورد لەلایەن ئەرمەنیەکان .. بۆ ئاشنابوونی خوێنەری کورد بە رەوشی ژیان و ئەو چەوسانەوە و غەدرە مێژووییانەی بەرامبەر بەکورد لە ئەرمینیا کراون، بە پێویستمزانی دەقی ئەو دیدارە لە زمانی عەرەبی بگۆرم بۆ سەر زمانی کوردی ، بە هیوام بابەتێکی بەپێزو جێگەی رەزامەندی هەمووان بێت.

*** دەکرێ خۆت بناسێنی و بزانین لەکوێ خوێندنت تەواو کردووە؟**

- بەخوشحالّیەوە، ناوم " چەکەس ڕەش " ە ، بڕوانامەی دکتورام هەیە لە بواری زمانزانی " فیلۆلۆجیا " هەروا شاعیرم و دوونامیلکەی شیعریم هەیەو کوردم و لەئەرمینیا لەدایك بوومە، وەلێ نزیکەی دووسەدە دەبێ ریشەکێش کراوین، هەر لەمناڵیمەوە بیر لەکێشەی نەتەوەکەم دەکەمەوە کە پانتاییەکی گەورەی لە دلمدا گرتووە و لەگەڵ خوێنمدا تێکەلاو بووە، لەو ساتە هەستم بەبوونی خۆم کردووە هەر دەخوێنمەوەو دەنووسم بە کورتی ئەمە ژیانمە . لە قوتابخانەکانی ئەرمینیام خوێندووە، دەرچووی پەیمانگای زانستی زمان (فیلۆلۆجیا)م لە یەکەمەکانی پەیمانگاش بووم ، هەروا دکتۆراکەشم لە بواری لێکۆلینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە ئەدەبی ئەرمەنیدا بووە. دوایی لە یەکێ لە شارەکانی ئەرمینیا جێگیر بووم و لە ساڵی ١٩٨٠ـ ١٩٨٤ لە پەیمانگای ئەوێ وانەبێژبووم، دواتر گەڕامەوە یەریڤان وەك مامۆستا لە پەیمانگای زمانزانی، دوای سێ ساڵ پەیمانگایەکی تر لە یەریڤان کرایەوە توانیم بەشێك دروست بکەم بەناوی کوردناسی ( کوردۆلۆجیا) بۆ ماوەی دوو ساڵ وانەم تیا گوتەوە، دواتر ئەم کارەم بەدڵی ئەرمەنەکان نەبوو، بۆیە هاوینی ئەمساڵیش (مەبەستی ساڵی چاوپێکەوتنەکەیە ـ وەرگێڕ) هاتنە سەرم و هەڕەشەی کوشتنی من و مناڵەکانیان کرد، بۆیە بڕیارمدا لە ترسی مەرگ یەریڤان جێبهێڵم .

*** بەلام بۆ سەرەتا رەزامەند بوون لەسەرکردنەوەی بەشی کوردناسی، کەچی دوایی کەوتنە دژایەتیکردنی ،ئایا ئەم کارەتان یاسایی و فەرمی نەبوو ؟**

- لە ڕاستیدا ئەو بەشە بە هەوڵ و ماندووبوونی من کرایەوە ، بەبێ دەنگی وبێ تەنگ و چەڵەمە ، بەڵام کە هەستیان کرد ئەو بەشە بوو بەڕاستی و ژمارەیەك خوێندکاری کورد تیایدا دەخوێنن ، کەوتنە دژایەتی کردنی، سەرەتا بە شێوەی فەرمی نەبوو، بەڵام دواتر بوو بەفەرمی، چونکە هەڕەشەی ئەوەم کرد کە ئەگەر ڕێگریم بکەن دەنگم دەگەیەنمە رای گشتی، ئەو بەشە (٢٥) قوتابی هەبوو لەبەرئەوە هەروا ئاسان نەبوو دایبخەن ئەمەلەلایەك، لەلایەکی تریشەوە نەیاندەویست ئەو مەسەلەیە مەوداو بواری تر وەربگرێ، بەڵام هەر وازیان نەهێنا تا ناچارکرام ئەوێ جێبهێڵم.

*** کێ بوون ئەوانەی دژایەتیان دەکردن و هاتنە سەرت ، هەڕەشەیان لێکردی، ئایا پۆلیس بوون ، هەروەها کێ بوون ئەوانەی هەوڵی تیرۆرکردنیان دەدای ؟**

- ئەوانە پۆلیسی دەوڵەت بوون ، دژایەتیەکەش لە ساڵی ١٩٨٨ دەستپێکرد، واتە دوای نەمانی دەسەلاتی یەکێتی شورەوی ، بەردەوام بەدوامدا دەگەڕان، چوارجار هەولی کوشتنیاندام . ئەوانەی هەولی تیرۆرکردنیشیان دەدام فاشیەکان بوون ، ئەوانەی ئەمرۆ سودمەندن لە سەر دەسەلات لە ئەرمینیا ، ناوی حزبەکەشیان بە ئەرمەنی (hehise ) ناو دەبرێ .

*** ئەو حزبە دەڵێی کە ( بترۆسیان ) سەرکردایەتی دەکات ؟**

- بەلێ ماوەیەك سەربازەکانی بەدوام دەگەڕان رۆژێك هاتنە مالەوە ، خێزانەکەم پێیگوتن لێرە نییە ، ئێوارە دەگەڕێتەوە ، دواتر هاتنەوە پێمگوتن من کوردم و دەبێ رێگەم بدەن بەو پەڕی سەربەستی کار بکەم .

*** وەلامیان چی بوو ؟**

- وتیان نەلێی من کوردم، خۆی لە ساڵی ( ١٩٨٨) ەوە ئەرمەنیەکان بە شێوەیەکی دیار ئەیانەوێ بوونی کورد کۆتایی پێبهێنن، هەرچەندە پێشتریش هەولیان دەدا ، بەلام لەحکومەتی شورەوی دەترسان ، من بەردەوام رووبەڕووی هەولەکانیان دەبوومەوە بە درکاندن و گەیاندنی دەنگم بە رای گشتی ، زۆر بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لەگەلم دەجولانەوە، تەنانەت تەلی تەلەفۆنی مالیان بڕیم وهەڕەشەی کوشتنی منالەکانیان لێ کردم ، ئەگەر بەشی کوردناسی دانەخەم و ئەرمینیا جێنەهێلم و حاشا لە کوردبوونم نەکەم.

*** هەروەك چۆن " سەعید ئیبۆ " یان تیرۆرکرد ؟**

- هەتا ئەمڕۆش لێکۆلینەوە لە سەر تیرۆرکردنی پرۆفیسۆر " سەعید ئیبۆ " نەکراوە .

*** چۆن دەزانی ئەوان تیرۆریان کردوە ؟**

- چونکە لە ساڵی رابردوودا لە تەلەفزیۆنی ئەرمەنی باس لەم مەسەلەیە کرا، نوێنەری یەکێ لەحزبەکان گوتی" پێیان گوتووم ئەبێ ئەرمینیا جێبهێڵی،

چونكە پەنجەی تاوانی كوشتنی " سەعید ئیبۆ " خراوەتە سەر تۆ ، جگە لەوەش تائێستا دۆسیەی كوژرانی لەلایەن دەسەڵاتی ئەرمینیا نەكراوەتەوە كە ساڵێكی بەسەردا تێپەڕیوە، هەروەها " د.خالیدنۆ "تیرۆركرا كە مامۆستای زانستی مێژوو ( ئەپنۆگرافیا) بوو ، هیچ لێكۆڵینەوەیەك لەسەر تیرۆركردنی ئەنجام نەدرا ، جگە لەمەش هەڵساون بەهەڵمەتی پشكنینی گوندە كوردنشینەكان و روخاندن و سوتاندنی خانووماڵەكانیان .

*** وەك دەڵێی هەندێك تیرۆركران و هەندێ رایانكرد، ئەی ئەوانەی لەوێ ماونەتەوە چۆن ژیان دەگوزەرێنن؟**

ـ من بەراشكاوی قسە دەكەم، داواكارم قسەكانم وەك خۆی بڵاوبكەنەوە، ئەوانەی دەڵێن ئەرمەن برامانن، ئەرمەن باوكمانن، ئەوانە خۆیان هەڵواسیوە و دەڵێن (چەركەس رەش) ئەوەی مەبەستیەتی با بیكات ، شەرەفشێر و كارین چاچان بچنە هەرشوێنێ دەڵێن ئێمە كوردین و بژی كوردستان ، بەڵام راست ناكەن ، ئەوانە هەلپەرستن و بەدوای پلە و پایەدا دەگەڕێن، لە تەلەفزیۆن قسە دەكەن و دەڵێن ئێمە و ئەرمەن براین، بەڵكو یەك خێزانین و هیچ كێشەیەكیش رووی نەداوە، ئەمەش خیانەتە چونكە (٤٠) هەزار كورد لە ئەرمینیا خانوبەرەیان سوتاوە یان روخاوە .

*** ئەوە لە چ ساڵێك روویداوە ؟ ئەوانە كۆچیان كردووە ئەرمینییان جێهێشت ؟**

ـ ئەوە لە ساڵانی ١٩٨٨ ـ ١٩٩٠ رویداوە، هەندێكیان چوون بۆ ( ستاڤراپۆل )، هەندێكی تر كۆچیانكرد بۆ ئاسیای ناوەڕاست كازاخستان و قەرەقیزیا، من شایەدیم لە سەر ئەمە هەیە ، یەكێ لە قوتابیەكانم لە ( كراسنادۆر ) دەیگوت ئێمە دوو خانوومان هەبوو جێمانهێشتن تەنانەت لێنەگەڕان كەل وپەلەكانیشمان بەرین، ئەوەی توانیمان بیكەین دەرباز بوونمان بوو ، ئەگەر ئەمە كرداری رەفتاریان بێت، ئەی چۆن دەبنە برامان چۆن شەرەفشێر و كارین چاچان هەق بەخۆیان دەدەن بەناوی ئەم گەلەوە قسە بكەن .

*** دەكرێ بیرۆكەیەكمان سەبارەت بە نامیلكە شیعریەكانی خۆت بدەیتێ ؟**

ـ یەكەم نامیلكەم بریتییە لە كۆمەڵێك شیعری سەردەمی گەنجی، بە پێوەری ئەمڕۆ بە شیعریان دانانێم، بەڵكو بریتیبوون لە چەند شیعری كلاسیكی رۆمانسی، بەڵام دوو پەرتووكم بەناوی شۆڕشی ووشە (sores xeberan) هەیە كەتیایدا جەخت دەكەمەوە سەر شێوازی پێشوەچوونی شیعری كوردی .

*** بۆ شۆڕشی ووشە ؟**

ـ چونكە گشت ئەو وشانەی كە ئەمڕۆش بەكاردێن، وشەی شیاو و راست نین، بەڵكو ئەو وشانە دوچاری گۆڕان و هیلاكی بوونە ، هەموو ئامانجم لەو كارە دەمەوێ سەردەمی رابردوو بە سەردەمی هاوچەرخ بلكێنمەوە، بەستنەوەی كەلتورو ئەدەبی كوردی بە كەلتورو ئەدەبی جیهانی، واتە خوڵقاندنی تازەگەری و دۆزینەوەی شێوازی هونەری تازە.

*** لە سەردەمی یەكێتی شورەویدا تاكو ئەمڕۆ لە یەریڤان ئێزگەیەك هەبوو ، هەروەها رۆژنامەی (رێیا تازە) هەبووە، ئێستاش وا باوە كە ئەرمەنەكان خاوەنی باكوری كوردستان بن ،هەشتا تا نۆ شاری گەورەی وەك وان ، ئەرزنجان ، قارس ، دیاربەكر شاری ئەرمەنی بن، هەروەها دژایەتی كورد دەكەن بەوەی كە دەڵێن یەزیدیەكان هیچ پەیوەندیان بە كوردەوە نییە، بەڵكو كورد هەڵساون بە كوشتن و لەناوبردنیان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، چۆن رێگایان بە كردنەوەی ئێزگەی یەریڤان و رۆژنامەی ( رێیا تازە ) داوە ؟**

ـ نەهامەتی ئێمەی كورد لەوەدایە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە ئەرمەن هاوسێمانن، ئەوان لە سەدەی پێنجەم تاكو ئێستا كەوتوونەتە خەڵەتاندنی جیهان ، ئەوروپیەكانیان بەوە خەڵەتاندون گوایە ئەوان سەلیبین ، ئەمەش لەسەر حسابی كورد تەواو دەبێت، چونكە ئێستا كورد بەهۆی ئەرمەنەوە بە خوێن رێژو پیاوكوژو رێگر ناسراوە، واناسراوین كە خاوەن ئەدەب و مێژوو رۆشنبیری نین، بەهۆی ئەرمەنەوە كورد بێ نیشتمان ماوەتەوە، ئەرمەنەكان پروپاگەندە دەكەن كە كورد سەریان دەبڕن و لەناویان دەبەن .، ئایا دەكرێ هەموو كورد پیاوكوژبێ، ئایا ئێمە بێ مێژوو و بێ كەلتورو بێ رۆشنبیرین؟ ئێمە خاوەن شاعیرو ئەدیبی گەورەی وەك " سلێمان گرتی و عەلی حەریری و پیری شالیارو مەلای جزیریو عەلی ترمۆكی و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی " ین ، بەڵام خۆیان لە ئاست ئەو راستیە گێل دەكەن، وا لە كورد رادەمێنن كە گەلێكی بێ كەلتورو بێ شارستانین.

*** ئەگەر هەندێك لەسەر ئێزگەی یەریڤان بدوێی ؟**

ـ لە بیست و سییەكانی سەدەی بیستەم هەندێ هەنگاوی ئیجابی هەڵێنراون، بەڵام لە راستیدا ئەمانە خەڵەتاندن بوون، لەگەڵ ئەمەشدا ئەرمەنەكان ئەم كارەیان نەكرد، بەڵكو لە سەردەمی یەكێتی شورەوی بوو، ئەو كات حزبی شیوعی هەندێ بڕیارو لێپێچانەوەی كرد كە لە قازانجی نەتەوە بچوكەكان بوو، بەڵام كە یەكێتی شورەوی رووخا، ئەرمەنەكان رۆژنامەكەیان داخست، بەڵام ئێستا بە هاوكاری و كۆمەكی كوردان دەردەچێت، ئەو ئێزگەیەش كە برنامە بەزمانی كوردی بڵاودەكاتەوە، بەڵام لە راستیدا ئەوە هی كورد نییە، چونكە گوزارشت لە سیاسەتی ئەرمەن دەكات .

*** ئەرمەنەكان دەڵێن ئێزیدیەكان كورد نین، ئەی بەكام نەتەوەیان دادەنێن؟**

ـ دەڵێن كورد نین، بەڵكو بە رەچەڵەك ئەرمەنن، لە سەدەكانی ناوەڕاست لێیان جیابوونەتەوە لەو كاتیش بە كوردی دەدوێن، ئەوان مەبەستیانە بڵێن لە ئەرمینیا تەنیا گەلێك هەیە ئەویش ئەرمەنە، بۆیە ئەو پروپاگەندانە دەكەن، چونكە كەلتورو هونەری گۆرانی و هەڵپەركێی كوردیان دزیوە و دەیانەوێ بیكەن بە كەلتوری خۆیان دەڵێن ئەمە كەلتوری ئەرمەنە، بەڵام كورد لە ئەرمەنە ئێزیدیەكانی دزیوە، وەلێ من شارەزام لە زانستی زمان ( فیلۆلۆجیا) بۆ ماوەی (١٢) ساڵ وانەی زمانزانیم لە پەیمانگا داوەتەوە، هەروا پسپۆڕو شارەزام لە ئەدەبی ئەرمەنی ، جارێكیان یەكێ لە ئەرمەنەكان پێیگوتم " تۆ

پیاوێکی ترسناکی، پرسیم بۆ؟ گوتی " تۆ هەموو شتێك لەسەر ئێمەی ئەرمەن دەزانی، مێژوومان باش دەزانی، ئەمەش شتێکی ترسناکە بۆ ئەرمەن، منیش گووتم ئەگەر مرۆڤێکی فلیپینی یان هۆڵەندی یان نیوزلەندی یان ژاپۆنی بە ئەرمەنی قسە بکات ئێوە بەختەوەر دەبن و شانازی پێوە دەکەن، بەڵام ئەگەر کوردێك شتێك لەسەر ئەرمەن و کاروباری ئەرمەن بزانێ بە مردنی خۆتانی دەزانن، چونکە هیچ شتێك نەبووە بەناوی ئەرمینیای گەورە .

*** ئێوە دەڵێن لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا کورد لە ئەرمەن زۆرترە ، لەو بارەوە چی دەڵێی ؟**

- بەڵێ، لە ئەمریکا ملیۆنێك ئەرمەن نیشتەجێی (دیترۆیت)ن، دوور نییە بڵێن ئەویش بەشێکە لە ئەرمینیا، هەرچەندە لە رابردوو مەترسیان لە سەر نەمابوو، بەڵام ئەمڕۆ دەڵێن کورد لە قەتل و عامی ئەرمەن بەشدار بووە لە ساڵی ١٩١٥، ئەمەشت بۆ روونەکەمەوە، تورکیا وڵاتێکە ئەرمەنەکان نایانەوێ لەگەڵیدا بکەونە کێشە ، لە بیری خۆیاندا دەڵێن کورد گەلێکی بێکەسە، با پرسی ئەو کوشتارە بخەینە ئەستۆی ئەوان، من بەڵگەو سەلماندنی زۆرم هەیە، کە تورك بەم کارە هۆڤیانە هەڵساوە دژ بە ئەرمەن، بەڵام ئەرمەنەکان پروپاگەندە دژ بە کورد دەکەن، چونکە ئەو پروپاگەندەیە خزمەتیان دەکات، بەڵام حاشا لەو راستیە دەکەن کە کورد سەدان و هەزاران ئەرمەنیان لەدەستی تورك رزگار کردووە، دیارە ئەو هەڵویستەی کوردیان لە بیر چۆتەوە , جارێکیان لەگەڵ " بترۆسیان " کەوتمە گفتووگۆ ، کە هێشتا نەبووبوو بە سەرۆکی ئەرمینیا، بەڵکو ئەوکات سەرۆکی حزب بوو، کە خۆشی شارەزایە لە زانستی زمان و پسپۆڕە لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، پێمگووت " بۆ ئەم کێشەیە لە نێوان کوردو یەزیدی دروست دەکەن ؟ ووتی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانمان وای دەخوازێت ( شایەدم لە سەر ئەم باسە هەیە).

*** رۆڵتان چی بوو لە دامەزراندنی حکومەتی لاچین ؟**

- بەر لە قسەکردن لە سەر ئەم بابەتە پێم خۆشە هەندێ لە سەر مێژووی لاچین قسە بکەم ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو بەڵگەنامەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لاچین خاکی ئەرمەن و ئازەری نییە، لە سەدەی حەوتی زایینی لەشکری ئیسلام ئەو ناوچەیان داگیرکرد، نووسەرە عەرەبەکان لەسەدەکانی (٨-٩-١٠-١١) دەڵێن لە ئازەربایجان کورد بە چڕی هەبووە، دەڵێن هۆزێکی کورد لەم ناوچەیە هەبووە بەناوی (یاخاس جان) هەروا روباری ئاراس بە رووباری کوردەکان ناودەبەن ، ئەم رووبارەش بە باشوری لاچین دا تێدەپەڕێ، لە سەدەی نۆیەمدا ئەو کاتەی دەوڵەتی شەدادی دروست بوو، لەلاچین زۆربەی ئەو زەویانەی کەوتوونەتە پشتی قەفقاسیا لەناو سنوری ئەم وڵاتە هەر لەویش شارێك هەبووە بەناوی " پارتوا" کە دەکەوێتە پشتی قەفقاسیا کە چەقی بازرگانی بووە بۆ کڕین و فرۆشتن کە دەکەوێتە نزیك لاچین، ئەم شارە چەند دەرگایەکی هەبووە، دەرگای باشوری شارەکە کە بە دەرگای کوردان ناو دەبرا و کوردەکان لەم شارەدا بازرگانیان دەکرد، کە هێشتا تورکەکان نەگەیشتبوونە ئەو شوێنە کە ئەمڕۆ بە ئازەربایجان ناو دەبرێ، لێرەدا هەندێ لە گەلانی ئێران نیشتەجێبوون وەك " کورد – تالیس – ئەلتاد– ئەلبان " ئەوانە کەلە قفقاسیا دەژێن لە (٢٦) هۆز پێکهاتوون، ئەو کات خاکی قەرەباغ نە هی ئەرمەن بووە نە هی ئازەر کە ئەمڕۆ یەکتری لەسەر دەکوژن، ئەم خاکە هی ئەخوانیەکان بووە، لەویش هۆزێك هەبووە کە بەرەگەز دەگەڕێتەوە سەر ئەخوانیەکان کە زمانی ئەم هۆزە نە ئەرمەنی بووە نە ئازەری، بەڵکو زمانی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کەچی ئەرمەن بە هۆزێکی ئەرمەنیان دادەنێن، لەبەرئەوەی وەك ئەوان مەسیحین، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، ئەرمەنەکانی قەرەباغ لە ئێرانەوە هاتوون، واتە دوای شەڕی رووس– فارس لە ساڵی ١٨٢٩کە دواتر رێکەوتوون لە سەر کۆچپێکردنی ئەرمەنەکانی نیشتەجێی ئێران بۆ قەرەباغ، واتە ئەو کات دانیشتوانی قەرەباغ کوردو تورك بوو، لەو کاتەی قەرەباغ بە ئازەربایجان بەخشرا شەڕی نێوان ئەرمەن و ئازەر لەو پەڕی توندو تیژیدابووە، ئەوکات ئەرمینیا رازی نەبوو لەسەر بەردەوامی ئەو شەڕە، بۆیە هەوڵ و کۆششی زۆریان دا تا لەگەڵ مۆسکۆ رێککەون لەسەر دامەزراندنی حکومەتێك بەناوی " کوردستانی سوور " لە لاچین ، واتەلە بنەڕەتدا کوردستانی سوور لەپێناو کورددا دروست نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوەبوو ببێتە هۆکارێك بۆ وەستانی شەڕ لەنێوان ئەرمەن و ئازەر، چونکە کوردستانی سوور لە نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان درووست بوو.

*** ئایا ژمارەی دانیشتوان بە تەنیا پێوەرە بۆ دروستبوونی حکومەتی ئۆتۆنۆمی ؟**

– بەڵێ، بەڵام من دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو حکومەتە لەپێناو کورد دروست نەبوو، بەڵکو کورد خرایە نێوان ئەم شەڕە، هەر بۆیەش لە ( بارتاس ) رەوانەی ( یەریڤان ) کرانو نیشتەجێکران، لاچین لە سەدەکانی ناوەڕاست لە دەستی کوردەکان بوو میر شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامەدا ئەڵێ " لە سەدەی سیانزەم (٢٤) هۆزی کورد نیشتەجێی کەنارەکانی لاچین و قەرەباغ بوون، بەڵام شا عەباس هەڵساوە بە کۆچ پێکردنیان بۆ خوراسان، ئەو هۆزانەش بە جوامێری ناسرابوون، بۆئەوەی لەکاتی تەنگانە بەرگری لەدەوڵەتی شاعەباس بکەن، ئەو کوردانەشی لەوێ کۆچیان کرد بۆ تورکمانستان، واتەکوردەکانی ئێستای تورکمانستان کوردی خوراسانن ئەوانیش بەرەگەز کوردی لاچین و قەرەباغن، وەڵێ بەداخەوە زۆربەی کوردەکانی تورکمانستان داب و نەریتی نەتەوەییان لەدەست داوە بەڵام لاچین بە کوردی ماوەتەوە، زانای ( ئەتنۆگرافی ) ئەرمەنی (ئەریناندی لابایان) لەسەدەی نۆزدەم نوسیویەتی (کوردەکان نیشتەجێی لاچینن بەلام بەتورکی قسە دەکەن)

**وەرگێرانی: لوقمان حەسەن**

**سەرچاوە: صوت کوردستان، ١٩٩٥**